### ئەحلام مەنسووری ڕۆژنامەنووس و نووسەر

# داخی دڵی خۆی بۆ شاووشکا هەڵدەڕێژێت



ئامادەکردنی: ڕۆشنا عەلی نەجم / سلێمانی

ئەحلام مەنسوور لە شاری خانەقینی ئەلوەنی جێگە ژوانی عاشقان لەناو گۆرانیەکانی (خاڵە خوداوای) لە ساڵی (١٩٥١) بێ خواستی خۆی دەرگای ژیانی لێکدرایەوە ژیانی منالّی لە کۆڵانە پێچاوپێچەکانی کۆردەرە بردۆتەسەر هەندێک جاریش کە لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە لای داوەتە سەر تەندورەکانی کولێرە کردن و لەگەڵ باجی ئایش و کامیلە قەرەئەمون قاچاخچی خەریکی برژاندنی کولێرە بووە. ئێستاش بەبۆنی ئەو کولێرە گەرمانە دەژی، لە ساڵی (١٩٦٢) قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە لە ساڵی (١٩٧٠) ئامادەیی و لە ساڵی (١٩٧٤)یش کۆلیژی ئەدەبیاتی بەشی زمانی کوردی تەواوکردووە؛ لە ساڵی (١٩٨١) کۆمەڵە چیرۆکی (پرد)ی چاپ کردووە، لە ساڵی (١٩٩٩) ماجستێری لە کورتە چیرۆکی کوردی دا وەرگرتووە و دواتر دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بۆی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

ئەحلام مەنسووری لە ساڵی (١٩٨١-١٩٨٢) لە سێبەری بورجی ئیڤل بە شەقامی (شانزێلیزی)دا گوزەری کردووە، یەکەم ژنە رۆژنامەنووسی کوردە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و (هاوڵاتی)دا.

لە زۆربەی بڵاوکراوەکانی پێش و پاش ڕاپەڕین دا بابەتی ڕۆژنامەگەری و چیرۆکی هونەری تازە و چیرۆکی بۆ مندالّان بڵاوکردۆتەوە وە سەرپەرشتی لاپەڕەی ئەدەبی منالّانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا کردووە ئێستا ئەندامی دەستەی نووسەرانی هاوڵاتی و مامۆستای زانکۆیە و ڕۆژەکانی بەدەم فرکردنی چا و کێشانی جگەرەوە بەسەر دەبات و خەمی ژن و منالّانی ئەم وڵاتەی هەڵگرتووە.

*** کاتێک لە (ئەحلام) پرسیارم کرد و وتم وەک کەسێکی ئاسایی ژیانی منداڵی و ژیانی ئافرەتێک یان وەک کچێک چۆن بەسەربردووە؟ بە حەسرەتێکەوە ئەم وەڵامەی دامەوە؟**

– ڕەگەزەکانی ژیانم وەکو ئەتۆم هەمیشە دەتەقنەوە ناتوانم بە ڕۆمانێک یان دیوانێک یان کورتە چیرۆکێک باسی ژیانی پڕ لە ژان و شینی خۆم بکەم، هەر ئەمەندە دەزانم کە باوکم لە منداڵدانی ئافرەتانی سەرزەمین چاندوومی، کچی هەموو ژنێکم و هەموو ژنێکیش دایکی منە، تاوانبارترین ژن دایکە دڵڕەقەکەی منە، بەردەکانی هەموو ڕاوچی و جەللادەکان ناوچەوانی من دەگرنەوە! کۆنەپەرستەکانیش بە قامچی تاریک و بیرییان پشتم شین و مۆر دەکەن بۆ؟ چونکە لەسەر سەراپای جەستەم وشەی ئازادی و یاخیبوون نەخشێنراوە، یاخیبوون لە خێزان یاخیبوون لە کۆمەڵگە و دابونەریت و دەوڵەت. ملیار داپیرەم هەیە بەڵام لای لایەیان بۆ نەکردووم... حەز ناکەم بڵێم من، چونکە وێنەکانم زۆرن، هەریەکە و بەشێوەیەک پێشانم دەدات، من یانی ئەلوەن و کۆپری گەورا و گۆرستانی پاشا و کۆپری و بڵێسەی بانمێک و مزگەوتی مەجید بەگ و کلێسا و بەردەکانی باوە مەحمید... باخی دەرەبەگەکان پاساریە بریندارە ئاوارەکان، منداڵە بێ نازەکان و... و پێنووس و وشەی خوێناوی، پێچەوانەی چەمکەکانی بەغدا و پاریس و کوردستان، تۆش بۆت هەیە بەفوویەک پەنجا و یەک مۆمی تەمەنم بکوژێنیتەوە قیژوقاژی منداڵانی قوتابخانەی سەرەتایی و منداڵانی شارەکەم و نەمامەکانی قوتابخانەی ناوەندی عاشقانی ئامادەیی کچانی خانەقین من یانی یادی فلیمێکی ڕەشی تەڵخی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بازدان لە قۆناغی بووکەشووشەی قورمیش کراوەوە بۆ نامۆیی و ونبوون لە ئۆکیانوسی پێشکەوتنخوازیدا من هەر بە مردوویی لە دایک بووم و ڕەنگە بە مردوویش لە ژێر سێبەری درەختێک نزیک لە شاری دەربەندیخان واتە لە گەرمیان بنێژرێم پێش دوو هەفتە گۆڕی خۆمم دۆزیەوە خاوەنی پاسپۆرتی کلۆڵی و بێ ئارامی و هەژاریم...

بەپێی ڕای برای بەڕێزم (مەحمود زامدار) بچووکترین ئەندامی ڕوانگەم وێنەکانی ئەلبومەکەم تەڵخن، دەفتەری یادەوەریشم فڕێ داوەتە نێو دەریای نێوان خۆم و کۆمەڵگەکەم... ماچەکانم مین ڕێژکراون، دڵدارە ڕاستەقینەکانم لە ئەرشیفی مێشکمدا نێژراون، لە ناسیۆنالیزمەوە بەرەو مارکسیزم ملم نا ئەمیش فڕێی دامە نێو سنووری سوفیزم و نیملیزم ئەمیش پاڵی پێوەنام بۆ وێستگەی گەورەی وجودیەت، لە دوا وێستگادا پیاسە لەسەر پردی بێهوودەیی دەکەم... ئەهریمەن و فریشتەکان لەنێو دڵمدا دڵداری دەکەن پاکیزەیی و تاوان لەناو منداڵدانم دا شەڕ دەکەن ڕاوچی و نێچیر لە ڕۆحمدا ململانێ دەکەن، برینم بە چەقۆ تیمارکرد ناچاریش بووم کلکی دیکتاتۆرەکان بەمەقەستی «ڕاستی» ببڕم وەک باوک، برا، هاوڕێ، مێرد، کۆمەڵگا...

*** ئایا ئەحلام مەنسوور بە چ ئومێدێک خەون دەبینێت؟**

– بەو ئومێدە خەون دەبینم کە زریانێ بێت هەموو یادە بەجێماوەکانم وەکو گەڵاکانی پایز ڕاماڵێت، نیوەم کوردە و نیوەکەی تریشم بریتییە لە سەرێک هەموو ڕۆژێ لە گۆی زەمین زیاتر دەخولێتەوە... لە ئەفغانستان دام، لە فەلەستین دام وەک هەزاران ئافرەتی هەناسە ساردی دیکەی ئەم گۆی زەوییە بەرامبەر بەڕەشەبای ململانێی نێوان چەمکە هاودژەکان و چەپڕەوی کاڵ کراو بریندار و کوژراو بەچەکی ڕۆشنگەری وەستاوین...

تۆ بڵێیت لەژێر خێوەتی جیاوازی گەریدا ڕووباری خەودرێژی شەواقی پڕ مۆتەکە نەخەوتبێتم؟! ئاه لە چ ڕۆژێکی پڕ لە کارەسات و تاریک داین.

*** یەکەم چیرۆک پێم وابێ چیرۆکی (پرد)ە دەکرێت باسی بیرۆکەی نووسینی چیرۆک بەگشتی لای تۆ و پردیش بەتایبەتی بکەی؟**

– بەداخەوە ئەڵێم کە من یەکەم چیرۆکم پرد نەبوو بەڵکو چیرۆکێکی کورتە، کە ون بووە.

لە تەمەنی شانزەساڵیدا نووسیومە لە وانەی دارشتندا، کە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی کچانی خانەقین بووم، مامۆستاکەم سی لە سی دامێ... وە دەیان چیرۆکی دیکەم هەبوون، کە زۆربەیان لە نامەکانمدان نامەی دڵداری بۆ ئەو کەسەی کە ئێستا دەم و زمانی وشکە و لە ژێر گڵ دایە ئەو کوڕەی، کە بە چەقۆی ڕک و کینە وەکو کۆتر سەری بڕیم، دڵی خواردم پەیوەندی نێوانمان ڕۆژ بەڕۆژ دەبووە دیوارێک

و بەرز دەبۆوە بالای من بەرز دەبووە کەچی قەوارەی دڵی ئەو ئەپووکایەوە.

ڕەنگم سپی هەڵئەگەڕا و ڕەنگی ئەویش ڕەش ئەبووە ئیدی بووینە تەختەی شەترەنج و دەستی فکری ناسیونالیزم و پێشکەوتنخوازی یارییان بەسەربازەکان و قەڵاکان و وەزیرەکانمان دەکرد... کش مەلیکیان لێ کرد و ئێستاش شەوان دەبێتە مۆتەکە و لەسەر سنگم ئەنیشێتەوە و هەراسانم دەکات... ئێستاش هەموو بەیانییەک بەیادی ئەو نوێ دەبمەوە دڵداری لەگەڵ گوێژە و منداڵانی کورد و هات و هاواری سەوزە فرۆشەکان و درەختەکانی تووی مەلیک دەکەم ئەو نامانە وەختی خۆی بەزمانی عەرەبی نووسراون بەڵام بۆ نەگبەتی لافاوی خانەقین لەگەڵ خۆی ڕاپێچی کردن و نەمان.

پرد باسی خۆی دەکات و پرد ڕێگەی بە کوردی نووسینی بۆ خۆش کردم ئیدی لە پێنوسە عەرەبییەکەم تۆرام و پێش پردیش لە هاوکاریدا چیرۆکێکم بەچاپ گەیاند مامۆستا (ڕەئوف بێگەردیش) دەرگایەکی تازەی بۆ کردمەوە. ستایشی چیرۆکەکەی کردم و پاشانیش بووم بە ڕۆژنامەنووس و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد... لێرەوە زۆر سوپاسی دەکەم.

بەڵام دواتر چەند هۆیەک وای لێ کردم کە ڕقم لە ئەدەبی کوردی هەڵسا و ڕووم کردە بیر و فەلسەفە و ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانە و ئەرشیفی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی خۆم بەندکرد و بەخوێندنەوە سەرقاڵ بووم ئیدی هەر گەرە بووە تاقە هاوڕێم لەنێو هەر جگەرەکێشانێکمدا چیرۆکێکی ئەفسووناوی هەیە داوای لێبوردن ئەکەم کە ناتوانم خۆم لە قاڵب بدەم بەرجەستەی ملیار نامۆیی و سەربەستی و شێتی دەکەم ڕۆبوتیش نیم بۆ ئەوەی قورمیشم بکەن، پردیش ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزموونی مرۆڤایەتی

**من یانی یادی فلیمێکی ڕەشی تەڵخی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بازدان لە قۆناغی بووکەشووشەی قورمیش کراوەوە بۆ نامۆیی و ونبوون لە ئۆکیانوسی**

خۆمە بۆیە هەمیشە حەزم لە ژیانی ئازادانە و ئەزموون کردووە، چونکە مرۆڤ بەزۆری ئەزموونی دەناسرێت و هەڵدەسەنگێنرێت.

*** ئایا پرد سەر بە چ ڕێبازێکی ئەدەبییە و نووسەری پرد تا چەند پردی خۆش دەوێت؟**

- چیرۆکی کوردی (پرد) دەخرێتە خانەی ڕیالیزمی ڕەخنەییەوە لەو سنوورە دەرنەچووە، پردم خۆش دەوێت و هەندێک جاریش حەزدەکەم ئاگری بدەم، پرد پردێک بوو لەنێوان ڕۆح و جەستەمدا، باخچەیەکی پڕ لە درک، درکەکان دەچەقنە پەنجەکانی دەستم، پرد هاواری ئافرەتی کوردە، نارەزایی دەربڕینە و هەڵوێستە.

*** ئایا دوای ئەزموونی (پرد) چیرۆکی دیت بلاوکردۆتەوە، یان بەهیوایت لە داهاتوودا بلاوی بکەیتەوە؟!**



- دوای بلاوکردنەوەی چیرۆکی پرد سێ چیرۆکی ترم نووسیوە دەمەوێت لە داهاتوودا لەگەڵ ڕۆمانەکانمدا بەچاپیان بگەیەنم، بەکورتی و بەکوردی هەست دەکەم ژیانم زۆر لەوە پڕ لە شین و شایی ترە کە بتوانم لە چاو پێکەوتنێکی وادا باسی کۆی ئەم ژیانە جەنجاڵە بە هەموو دزێوی و جوانیەکانیەوە بکەم.

*** ئەی ئەدەب لای تۆ چییە؟ لە ڕستەیەکدا!!**

- ئەدەب لای من واتە شەڕکردن لەگەڵ مردن و خەوبینین بەژیانەوە.

*** ئەحلام مەنسوور لە هەشتاکاندا کەسێکی زۆر ڕاشکاو لەسەر مەسەلەی ئافرەت بەڵام، ئێستا ئەو توانا و ڕاشکاوییە گوێزراوەتەوە بۆ لایەنێکی تر کە زیاتر بارودۆخە گشتییەکەیە ئایا ئەم لایەنە تا چەند لای تۆ گرنگە؟**

- من هەمیشە لە ئێستا و ڕابردوودا، زۆر ڕاشکاوانە داکۆکیم لە کێشەی ئافرەت کردووە، بەڵام

هاوکات پێم وایە ئێمە ناکرێ لەبەردەم چەندین مەسەلە و کێشەی گرنگی دیکەدا خۆمان بشارینەوە و بێدەنگ بین، کە دیارە بەشێکی زۆری ئەم کێشە گرنگانە پەیوەندی بەکۆی بارودۆخی گشتییەوە هەیە. ئەنفال + کۆچ + برسێتی + کیمیاباران + نەبوونی دەوڵەت و سنوور من چۆن بتوانم نووسەرێکی بێ لایەن بم؟ بەڵام لەبەردەم ئەم کێشانە و دەیان کێشەی گرنگ و چارەنووسسازیدا ئایا دەتوانم لەبەردەم موعاناتی منداڵان و براکوژی و خۆکوشتندا بێدەنگ بم؟

ئەی تیرۆر؟ ئەی بێکاری گەنجان؟ ئەی سانسۆرکردنی ئازادی؟ ئەی جاڵجاڵۆکەی پیاو و باوک سالاری؟

ڕۆژانە هەزار پرسیار لە دەرگای سەرم دەدەن سەبارەت بەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووس یان ئەدیب نابێت بێدەنگ بیت دیارە وشەی ڕاست چاوەپیلانگێڕ و تەمومژاوی و زەقەکان کوێر دەکات هەرچەندە چاوەکانی منیش کزن بەڵام سەرنجەکانم زۆر ڕاشکاوانە دەردەبڕم.

*** کۆمەڵگەی نەخۆش مرۆڤی نەخۆشی تێدا لە دایک دەبێت ئەمە بۆچوونێکی تۆیە، ئایا لای تۆ نەخۆشی کۆمەڵگایە تووشی لە دایکبووان بووە یان لە دایکبووان هەوڵی چارەسەریان نەداوە یان چارەسەر دۆزینەوە قورسە و توانای دەوێ؟**

- من پێم وایە کۆمەڵگەی ئێمە لە هەلومەرجێکی زۆر ناتەندروستیدا دەژی هەر لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتییەوە بگرە تا هەلومەرجی ئابووری و سیاسی بەجارێ دووچاری دارزان بووە، من پێم وایە کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر لە هەر شتێک پێویستی بەنوێ بوونەوە و نوێ سازیەتی سەرتاسەرییە لە هەموو بوارەکاندا، بۆیە کۆمەڵگەی کوردەواری و هەم تاکی کوردیش پێویستیان بەسەرلەنوێ بنیات نانەوەیەکی تەندروستیە.

***- تۆ پێت وایە کە لە یەکێ لە نووسینەکانتدا دەڵێیت بە ئەنجامدانی شۆڕشێکی دەروونی دەرگا کراوەکانی دۆزەخ دادەخرێت ئایا تەنها شۆڕشی دەروونی بەسە بۆ داخستنی دەرگای دۆزەخ یان کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە حەسانەوەی جەستەیە؟**

- ئاه... کە جەستە جیهانێکی گرنگە، ڕەنگە یەکێ لە کۆڵەوارییەکانی ئەم کۆمەڵگە داخراوەی ئێمە ئەوەبێ کە حەوانەوەی جەستەی تیا فەرامۆشکراوە، ئەوکاتەی من لە پاریس بووم گەنجانی ئەوێ هەڵگری ئەم دروشمە بوون (با بەرلەوەی بیر بکەینەوە، فێری سەماکردن ببین) واتە بایەخێکی تەواو بە جەستەی مرۆڤ دەدرا ناکرێ ئێمە باس لە جەستە و حەز و چێژەکانی جەستە نەکەین، من پێم وایە هەم دەروون و هەم جەستە تەواوکەری یەکترن و هەریەکە گرنگی خۆیانیان هەیە گرنگی دان بەلایەنێکیان بەبێ ئەوەی تریان مرۆڤ دووچاری شکست و ئازار دەکاتەوە، پێویستە هەردووکیان ڕەچاو بکرێ بۆ ئەوەی دەرگا کراوەکانی دۆزەخ بەیەکجاری دابخرێت.

**ئێستاش هەموو بەیانییەک بەیادی ئەو نوێ دەبمەوە دڵداری لەگەڵ گوێزە و منداڵانی کورد و هات و هاواری سەوزە فرۆشەکان و درەختەکانی تووی مەلیک دەکەم**

*** لە پردا دەڵێیت (من تاوانم چییە بە گوێرەکەیەکم ئەگوڕنەوە) وەک ئەوەی کە چەند ساڵێک لە پاریس ژیاوی ئایا چەند ئەم ڕستەیە لە بەرامبەر خەڵکە ئازادەکەی پاریس و ئافرەتیش بەتایبەتی یا دەوری تاڵی بیرهێنایتەوە؟**

- لە پاریس ئەم هاوکێشەیە زۆر پێچەوانەیە، چونکە لەو بڕوایە دایە کە سەگ هەندێ لە پیاو دڵسۆزترە لەوێدا ئافرەت زۆر ئازادە لە پراکتیزەکردن و ئەوپەڕی چێژ وەرگرتن لە حەزەکانی، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە زۆرجار خۆشەویستی لەوێ خۆشەویستییەکی بێ گیان و ساردوسڕە چونکە لەوێ زۆربەی قۆناغەکانیان بڕیوە و بێهودەیی باڵی بەسەر زۆربەی پەیوەندییەکانیاندا کێشاوە.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو دیاردە نێگەتیڤانەش هێشتا گەمژەییە گەر ئەو دەسکەوتە زێڕینانەی کە بۆ ئافرەتی ئەوێ ڕەخساوە لە هەر ڕوویەکەوە بەراورد بکەین بە ژیانی ئافرەتانی ئێرە، لێرە بەداخەوە ئافرەت قوربانی سەرەکی توندوتیژی ناو خێزان و کلتووری دواکەوتووی کۆمەڵگایە بەجۆرێک کە لە باسکردن نایەت تۆ بڕوانە ئافرەتی ئێمە زۆربەی ژیانی لە زیندانێکدا بەسەر دەبات کە پێی دەڵێن (ماڵەوە).

*** وەک دەبینین ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراو لە**

**کوردستاندا دامەزراوە ئایا ئەم ڕێکخراوانە لە ڕوانگەی خزمەتکردن بەکێشەی ئافرەت چۆن ئەبینی؟ ئایا توانیویانە وەک پێویست کار بکەن؟**

– من پێم وابێ ئەم ڕێکخراوانە ناتوانن وەک پێویست کار بکەن بۆ ئافرەت چونکە زۆربەیان لە بناغەدا پاشکۆی حیزب و ڕێکخراوی سیاسین بە مەبەستی دیکە قوت کراونەتەوە ناوی ڕێکخراوی ئافرەتان و ژنانیان لێنراوە، جگە لەوە زۆرێک لەوانە ئەم ڕێکخراوانە دەبەن بەڕێوە لە ئاستی ڕۆشنبیرییەکی پێویستدا نین توانای ئەوەیان نییە وەک پێویست خزمەت بەکێشەی ئافرەت بکەن، واقعیش ئەمەی بۆ هەمووان سەلماندووە.

*** وەک دەزانین جەنابت هەم چیرۆکنووسیت و هەم ڕۆژنامەنووس ئایا لە ڕوانگەی کارکردنت تا چەند پەیوەندیت لەنێوانیاندا دروست کردووە؟**

لەم دوو کارەدا جیاوازیەکی ئەوتۆم بەدی نەکردووە لای من هەم ڕۆژنامەنووس و هەم چیرۆکنووس هەڵگری یەک پەیام بووە کە ئەویش داکۆکی کردن بووە لە ئازادی مرۆڤ لەم ڕووەوە هەم سوودم لە ڕۆژنامەنووسی وەرگرتووە لە نووسینەوەی چیرۆکدا هەم سوودیشم لە ئەدەب و چیرۆک وەرگرتووە بۆ پێشخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی.

*** لە ئایندەدا دەڕوانم تەڵغ و تاریک دێتە بەرچاوم نازانم داخۆ ئاسۆی ئێمەیە وا تاریکە یان چاویلکەی چاوانمە، ئایا هیوایەک هەیە بۆ لابردنی چاویلکەکەت و بینینی ئایندەیەکی گەش و ڕووناک لە بەرامبەر بەرەو پێشچوونی بیرکردنەوەی ئافرەت؟**

**تۆ بڕوانە ئافرەتی ئێمە زۆربەی ژیانی لە زیندانێکدا بەسەر دەبات کە پێی دەڵێن (ماڵەوە).**

– بەڕاستی من ئایندەیەکی نزیکم بە تەڵخ و تاریک دێتە بەرچاو لە ئاکامی ئەو هەلومەرجەی لە چەندساڵی ڕابردوودا تیای ژیاوم و دیومە تۆ بڕوانە تیرۆرکردن و خۆ سووتاندنی ئافرەت لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ژماردن نایەت، بەبێ ئەوەی هەموو هەوڵێکی جدی ئەوتۆ بدرێ بۆ ڕاگرتنی ئەو کارەسات و تراجیدیایانەی کە هەموویان دەلالەتن بۆ بێ مافی ئافرەتی کورد، بەڵام لە ئەوەشدا من باوەڕی تەواوم بەوە هەیە کە ئافرەتی کورد لە هەوڵ و کۆشش ناکەوێ تا ئایندەیەکی گەش و ڕووناک دەستەبەر نەکات، لەم ڕووەشەوە زۆر گەشبینم.

*** ئێمە پرسیارمان نەما ئەگەر جەنابت شتێک مابێ وەک دوا وتە بۆمان؟**

– منیش هیچی وام نەماوە سوپاسی ئێوە ئەکەم کە توانیم لێرەوە داخی دڵی خۆم بەیان بکەم و هەڵیڕێژم وە پرسیارەکانی تۆش کاریگەری زۆری لا دروست کردم سوپاس بۆ تۆ و بۆ هەمووان.

ئێمەش لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێزت دەکەین و هیوامان بەردەوامی تەمەن درێژیتە.

